یەکەم شت کە پەروەردگار دروستیکرد قەڵەم بوو، پێی فەرموو: بنووسە، ووتی: ئەی پەروەردگار، چی بنووسم؟ فەرمووی: قەدەری هەموو شتێک هەتا قیامەت هەڵدەستێت

لە عوبادەی کوڕی سامتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەی ڕۆڵە، تۆ تامی ئیمان ناچێژیت هەتا بزانیت ئەوەی تووشت بووە بۆی نەبووە تووشت نەبێت ونەیەتە ڕێت، وئەوەی تووشت نەبووە بۆی نەبووە تووشت بێت وبێتە ڕێت، گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «یەکەم شت کە پەروەردگار دروستیکرد قەڵەم بوو، پێی فەرموو: بنووسە، ووتی: ئەی پەروەردگار، چی بنووسم؟ فەرمووی: «قەدەری هەموو شتێک هەتا قیامەت هەڵدەستێت».عوبادە دەڵێت: ئەی ڕۆڵە، گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەوەی لەسەر بیروباوەڕێک بمرێت جگە لەمە؛ ئەوا ئەو کەسە لە من نییە». ولە گێڕانەوەکەی (أحمد)دا: «یەکەم شت کە خوای گەورە دروست کرد قەڵەم بوو، پێی فەرموو: بنووسە، بۆیە لەو کاتەدا هەموو ڕووداوێکی نووسی هەتا قیامەت هەڵدەستێت». ولە گێڕانەوەکەی ئیبن وەهبدا کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی باوەڕی بە خێر وشەڕی قەدەر نەبێت؛ ئەوا خوای گەورە لە دۆزەخدا دەیسوتێنێت».

[صەحیحە] [ئیبنو وەهەب لە قەدەردا گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

عوبادەی کوڕی سامت -ڕەزای خوای لێبێت- وەسیەت وئاموژگاری کوڕەکەی بەناوی (وەلید) دەکات بە باوەڕهێنان بە خێر وشەڕی قەدەر، وسەرەنجامە باش وچاکەکانی ئەم باوەڕهێنانەی بۆ ڕوونەدەکاتەوە لە دونیا وقیامەتدا، وسەرەنجامە خراپ وشەڕەکانی ئینکار کردنی باوەڕهێنان بە قەدەری بۆ ڕوونەدەکاتەوە لە دونیا وقیامەتدا، وبەڵگە دەهێنێتە لەسەر قسەکانی لە سونەتی پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیسەلمێنێت خوای گەورە بڕیاری لەسەر قەدەری شت وڕووداوەکان داوە، وفەرمانی کردووە بە نووسینی ئەم قەدەرانە پێش ئەوەی بوونەوەرەکان دروستبکرێن، بۆیە هەر شتێک ڕووبدات لە گەردووندا لە قەدەردا نووسراوە هەتا ڕووداندی قیامەت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5979